سەرکی هەرێم بەجیا لەگەڵ باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا وباڵیۆزی فەرەنسا کۆبووەوە



ئەمڕۆ سێشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لەتێماس سیلەر باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لەعێراق کرد.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوێکدا باویکردەوە" لەکۆبوونەوەیەکدا دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بیروڕایان گۆڕیەوە و هەردوولا هاوڕا بوون کەبۆ نوێکردنەوەی شەرعیەت و پرسەی دیموکراسی، گرنگ و پێویستە هەڵبژاردن بکرێت. لەمبارەیەوە باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا سوپاس و پێزانینی بۆ هەوڵەکانی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەمی، دەربڕی.

هەردوولا باسیان لەپەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان کرد و باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا دواین سەردانی بەرێز سەرکی هەرێمی کوردستانی بۆ بەغدا و دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەگرنگ زانی.

بڕەودان بەپەیوەندیی بازرگانیی یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان،

دواین پشهاتەکانی ناوچەکە و گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

هەروەها هەر ئەمسەرێکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پاتریك دورڵ باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کۆبوونەوە و دەربارەی دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، گفتوگۆیان کرد.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا جەختیان لە گرنگیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە بەشداریی هەموو لایەنەکان کردەوە، هەروەها بەرەوپێشچوونەکانی گفتوگۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقیی فیدراڵییان بە ئەرێنی هەڵسەنگاند.

دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.